# ڕۆبێرتۆ چیلۆ:
# شانۆکارانی کورد لەئەڵمانیا زیاتر خزمەتی هونـــــــــ





ڕۆبێرتۆ چیلۆ یەکێکە لەدەرهێنـــەرە بەتواناکانی ئەڵمانیا، هەفتەی ڕابردوو لەدهۆك و هەولێر ســێ نمایشی شانۆیی جیهانییان پێشکەش کرد لەگەڵ ســیەتەر، هەر هەرچەندە لەئیتاڵیا لەدایکبووە و لەئەڵمانیا گەورە بووە، بەڵام دەڵێ من شانۆی خۆم پێشکەش دەکەم.

ڕۆبێرتــۆ چیلــۆ پێیوایە شـــانۆ ئەرکی ئەوەیە کـــە خەیاڵی بینەر بجوڵێنـــێ، واتە جوانی و خەیاڵی ئەو بەکاربهێنرێ، چونکە گەورەترین و گرنگترین نووســەر لەنێو بینەرانی شانۆدا دانیشتوون، لەهاتنمان بۆ کوردستان دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنین کە ناکرێ تەنیا لەسەر یەك بابەت کار بکرێ بۆیە ئێمە بەســێ شانۆی زۆر جیاواز هاتووین و دەمانەوێ بڵێین شانۆ خۆی لەخۆیدا هونەرێکی سەربەخۆیە و دەق تەنیا بەشێکە لەشانۆ و دەبێ لەگەڵ دەقدا مۆسیقا و دیکۆر و ئەکتەر و دەرهێنەریش لەبەرچاو بگیرێت، جگە لەکوردســتان ئەم شــانۆگەریانەمان لەچەند وڵاتێکی عەرەبیش نمایش کردووە و بۆ ئەوە بووە کە شــانۆی ئەورویی دووبارە بکەینـــەوە، ئەوەی تێبینیمان کردووە کە شــانۆکاری عێراقی کاتێك کار لەســەر دەقێکی بریخت دەکات زۆر کۆمونیســتیانە و زیاتر لەخۆی دەچێتە نێو کارەکەوە، بەڵام پێموایە پێویســت ناکات لەڕێڕەوی ڕاســتەقینەی کارەکە لابدەی، بەڵکو دەبێ لەسەر ڕێڕەوی خۆی کار بکەی و ئێمە ســەلماندومانە کە ئەنجامدانی ئەم کارە مەحاڵ نییە و تەنانەت دەکرێ شــانۆیەکی زۆر گەورە تەنیا بەشەش کورسی ئەنجام بدرێت.

چیلۆ چەندین جارە ســەردانی کوردستان دەکات، بەڵام ئەمجارەیان بۆئەنجامدانی چەند نمایشــێکی شــانۆیی هاتووە، ئەو دەڵێ: ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوا دەبینین شــانۆ هەر لەئەوروپا سەریهەڵداوە، بەڵام زۆر گرنگە کە پێویستە شتەکە وەکو خۆی بهێنیتە سەر تەختەی شــانۆ، بۆ نموونە ئەو هاملیتەی لەئەفریقیا نمایش دەکرێ ڕەنگە زۆر لەدەقەکەی شکســپیر جوانتر بێت، بۆیە پێویستە هەر کەسێك بەخەیاڵی خــۆی و ئەو بەهرە و توانایەی کە هەیەتی کار بکات لەجیاتی ئەوەی بچێت دەقەکە بەشــێوەیەکی ئەوروپی یان دەقاودەق وەکو خۆی نیشانی جەماوەری بدات، ڕۆبێرتۆ چیلۆ شانازی بەهونەرمەندانی کوردەوە دەکات

و دەڵێ: من سەربەرزم بەوەی کە یەکێك لەئەندامانی گرووپەکەم کوردە بەناوی فەرهاد و ماوەی ١٥ ســاڵە بەیەکەوە کار دەکەین و لەچەندین نمایشــی زۆر گەورەدا زۆر ســەرکەوتووانە بەشــدار بووە لەگەڵمان و ئەوەشــمان نیشــانداوە کە ئەکتەرێکی کوردە لەنمایشــێکی شانۆیی ئەڵمانیدا ڕۆڵی ســەرەکی دەبینێت، بەر لەناســینی فەرهاد شارەزایی زۆرمان دەربــارەی کورد نەبوو، هەرچەندە من خۆیشــم چەندین جار سەردانی کوردستانم کردووە تەنانەت جارێکیان لەسنوور ڕێگایان پێنەدام بێمە ناو خاکی کوردستان بۆیە ناچار بووم بگەڕێمەوە، لەو سەردانانەدا زۆر لەکۆلێژ و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کوردستانم بەسەرکردۆتەوە و شــانۆکارانی هەولێر و دهۆك و سلێمانیم داوەت کردووە بۆ ئەڵمانیا، سەبارەت بەشارەزابوونم لەکەلتور و هونەری کوردی ناتوانم بڵێم شارەزام، چونکە مرۆڤ ئەو کاتە شــارەزای کەلتوری نەتەوەیەکی دیکە دەبێت کــە لەناویاندا بژیت و بۆماوەیەکی زۆریش، ئەو ســەردانانەی من بۆ کوردســتان بووە هۆکارێك کە جۆرێك لە لێکتێگەیشــتن و ئاشنابوون بەهونەری کوردی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا ســەبارەت بەهونەر و کەلتوری ئەڵمانی و کوردی دروست بێت و لەئەنجامدا توانیم ئەو گرووپە شانۆییە بهێنم بۆ کوردستان.

چیلۆ سەرســوڕمانی خۆی لەهەندێك شــانۆکاری عێراقی و کورد نیشان دا لەوەی کە لەجیاتی ئەوەی پەرە بەهونەری خۆیان بدەن و زیاتر بیناســێنن. هەوڵ دەدەن بەهرە و تواناکانی خۆیان لەشانۆی میللەتانی تر نیشــان بدەن و هونەری خۆیان پشــتگوێ دەخــەن، ئەو دەڵێ :بەر لەکوردســتان ســەردانی چەندین وڵاتی دیکەمان کردووە کە بەهەمان شــێوەی کوردســتان بەهۆی جەنگ و وێرانی نزیك بوونێکی زۆریان لەگەڵ شانۆی ئەورووپیدا نەبوو، بەڵام خاوەن تێکستی تایبەت بەخۆیان بوون و لەکوردســتانیش هەمان شــتمان بەدی کرد کە هونەرمەندانی کورد زیاتر هەوڵ دەدەن کاری نوێ و مۆدێرن ئەنجام بدەن، ســەردانی وڵاتانی وەك ئێران و ئۆزبەکســتان و تاجیکستانم کردووە، بەڵام پێموایە کە عێراق و کوردســتان مێژووی شــانۆیان لەو وڵاتانە کۆنترە، ئەوەی دەربارەی شانۆکاری کورد و عێراق تێبینیم کردووەو پێموایە گەورەترین





کێشە ئەوەیە کە شانۆکارانی کورد لەئەڵمانیا یان لەهەر وڵاتێکی دیکە هەوڵی ئەوەیان نەداوە شـــانۆی کوردی بەرەو پێش ببەن، بەڵکو هاتوون شـــانۆی ئەڵمانی بـــەرەو پێش ببەن، ئەمەش کێشـــەیە کە هونەرمەند هەوڵ بدات شـــانۆی وڵاتێکی تر پێش بخات، پێویستە بەو شارەزاییی و خوێندنە ئەکادیمیەی کە لەئەڵمانیا بەدەســـتی هێناوە شانۆی وڵات و نەتەوەی خۆی پێش بخات بەتایبەتی بۆ کورد کە ئەمە زۆر پێویســـت و گرنگە، چونکە ئەمە فشـــارێکی زۆر لەســـەر ئەم جۆرە شانۆیانە دروست دەکات.

هـــۆڵ و هۆکارەکانی دیکەی نمایشـــی شـــانۆیی یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە ڕۆبێرتۆ چیلۆ ســـەرنج و تێبینی خۆی دەربارەی هەبوو، هەر کە تەختەیەکی شـــانۆ دەبینم دەزانم لەچ ســـاڵێك درووســـتکراوە، بێگومان ئەم هۆڵە (هۆڵی گەل) لەپەنجاکانی ســـەدەی ڕابردوو واتە بەر لەسەدام حوسێن دروستکراوە، هۆڵەکە زۆر جوانە، بەڵام هەر بیبینی دەزانی کە پشـــتگوێ خراوە و خزمەتی ناکرێ و دڵنیاشم دوای تەواو بوونی هەر نمایشـــێك ئەو کەلوپەلانەی کە لەشـــانۆگەرییەکەدا بەکار دەهێنرێت لەپشـــتەوە فڕێ دەدرێت و کەس خۆی لـــێ ناکاتە خاوەن، لەوانەش شانۆکاران کە ئەوان خۆیان قەدری شانۆ لەهەر کەسێکی دیکە باشتر دەزانن، باوەڕ ناکەم لەهیچ شوێنێکی جیهان شانۆیەك بەو شێوەیە دروست بکرێ، لێرەوە بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە دەسەڵاتی کوردی هەست بەگرنگی شـــانۆ و کاریگەری شانۆ لەسەر کۆمەڵگە ناکات، شانۆی کوردی بەو شـــێوەیە دەمێنێتەوە، لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرســـیارە بکەن ئایا ئەو پارەیەی لەوەزارەتی ڕۆشـــنبیری تەرخان دەکرێـــت چۆن و بەچ شێوەیەك خەرج دەکرێت؟ لەو سەردانانەمدا تێبینی ئەوەم کردووە کە زۆر کەس شانۆیان داگیر کردووە کە هیچ پێوەندییان بەشـــانۆوە نییە و ئەوانەی بەجددی هەوڵ بۆ شـــانۆ دەدەن جێگایان نابێتەوە و لەسەر شەقامەکان کەوتوون.

چیلۆ داوا دەکات کە گەنجی کورد بێن بۆ بینینی نمایشـــەکانی شـــانۆ بۆئەوەی بزانن ئـــەوان چ داهێنانێکیان کردووە و گەنجانـــی کورد چۆن ســـوودیان لێدەبینن و دەتوانـــن لەداهاتوودا چ پێشکەش بکەن، هەر لەیەکەم سەردانیشیدا ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە پردێکی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان کورد و ئەڵمانیەکان هەبێت.

لەکۆتاییدا سەبارەت بەنمایشەکەیان لەکوردستان ڕۆبێرتۆ چیلۆ وتی: نمایشـــەکەی ئێمە زۆر بچووکە، ئێمە ٤٠ کەســـین ١٥یان ئەکتەرن و ســـاڵانە ئەم نمایشـــە لە٣٠ وڵاتی جیاجیا پێشکەش دەکەین کە یەکێك لەوانە کوردســـتانە، گەڕان لەوڵاتان و نمایشـــکردنی ئەم شانۆگەریانە کارێکی پێویستە بۆ هەر گرووپێکی شانۆیی و ئەوەی لەتواناماندا بێت و بەدڵەوە ئەنجامی دەدەین و ئەوەی من دەمەوێ ئەو دەکەم نەك یەکێك بێت بەسەر منی بسەپێنێت.



# ـــــەری ئەڵمانیا دەکەن

# حەنان توندڕۆکان توندتر دەکات



دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی زنجیرە درامای (الاخت تریزا)خانمە ئەکتەری میسری حەنان تورك ڕووبەڕووی هێرشێکی توند بۆوە، چونکە لەوێنەکاندا وەك ڕەبەنێك دەردەکەوێت.

چەند گەنجێکی سەر بەڕەوتە توندڕۆکانی میسر داوایان کرد کە حەنان بایکۆت بکرێت دوای ئەوەی ڕایگەیاند کە فێرە گرنگترین لایەنە ناوخۆکانی ژیانی قیبتیە ئەرسەدۆکسەکان بووە کە تەنیا خودی قیبتیەکان دەیزانن بۆ ئەوەی کەسێتیەکی قیبتی پێشکەش بکات جیاواز لەوەی تا ئێستا لەدرامای میسریدا پێشکەش کراوە، ئەم لێدوانانەی حەنان تورك وایکرد کە ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی توندڕۆکانی میسر ببێتەوە و چەندین پرسیاری گاڵتەئامێزیان ئاڕاستەی کرد، تەنانەت هەندێکیان ڕایانگەیاندووە کە حیجابەکەی بۆ هەڵخەڵەتاندنە.

لەلایەن خۆیەوە حەنان تورك سەرسوڕمانی خۆی لەم هێرشە دەربڕی و ڕایگەیاند: بەر لەوەی بەم ڕۆڵە ڕازی بم ڕاوێژم بەموفتی میسر کردووە، ئینجا ڕازی بووە، کارەکەش پرۆژەیەکی نیشتمانیە باس لە فیتنەی تائیفەگەری دەکات لەمیسر، هەروەها جلوبەرگەکانیشی کاریگەری نابێت لەسەر حیجابەکەی.



# دیانا کەرازون: ئاساییە کچێکی سەرنجڕاکێش بی

کچە گۆرانیبێژی ئوردنی دیانا کەرازون ڕایگەیاند کە ئاساییە کچێکی وروژێنەر و سەرنجڕاکێش بی و هیچ عەیبێك لەمەدا نییە و ئێستا لەتەمەنێکی بچووکە و دەیەوێ بەو شێوەیە بژیت کە خۆی حەزی لێیە.

دیانا هەروەها دەڵێ: ئەو قسانە هەموو دوای ئەوە دەکرێ کە من توانیم کێشم لە٨٧ کیلۆگرام دابەزێنم بۆ ٥٧ کیلۆ گرامم، بەڵام دەبێ ئەو کەسانە باش بزانن کە من منداڵ نیم و عەیبی تێدا نییە ئەگەر سەرنجی پیاوان ڕاکێشم و نازانم بۆچی هەندێك کەس تووڕە دەبن کە بزانن من بوومەتە کچێکی وروژێنەر و زۆریش گرنگی بەدەرکەوتنی خۆم دەدەم بەشێوەیەکی جوان و بەردەوامیش وەرزش دەکەم.

دیانا پێیوایە دوای ئەوەی کە لەشی زۆر جوان بووە، بۆیە هیچ ڕێگریەك لەبەردەممدا نییە کە سەردانی دەرەوە بکەم بۆ بینینی نمایشی جلوبەرگی جیهانی و لەوێ جلوبەرگ بکڕم، هەر بۆیەش دیزاینەرانی جلوبەرگ بەردەوام پێی دەڵێن :تۆ باڵیۆزی دیزاینەرانی.



# میگان فۆکس: خەڵک لەبیینی من

کچە ئەکتەری جیهانی میگان فۆکس لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (گرازیا)ی چاپی فەرەنسا ناڕازیبوونی خۆی دەربڕی لەوەی کە گۆڤارێکی پیاوانە هەستێت بەهەڵبژاردنی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی ساڵ.

میگان وتی: ئەمە حەق نییە، چونکە زۆر لیست هەن و هەمیشە ئەو ئافرەتە هەڵدەبژێردرێت کە لەبەهێزترین

# جنیڤەر لوف خراپترین ئەکتەرە

جنیڤەر لۆفی ئەکتەری ئەمریکی ڕایگەیاند کە وا ڕاهاتووە جلوبەرگی تەسك لەبەر بکات، هەروەها چەکێکی تریش بەکار دەهێنێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان ئەویش بریتییە لەبڵاوکردنەوەی پۆدرەی فانیلا لەسەر لەشی.

لەم بارەیەوە جنیڤەر بەگۆڤاری (یو ئێس)ی هەفتانەی ڕاگەیاند: هەمیشە لەجانتاکەم پۆدرە هەیە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنم بەتایبەتی لەناوچەی مل، چونکە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان، بەڵگەشم ئەوەیە جارێکیان بەکارم هێنا چوار کەس هاتنە لام و سەرسامی خۆیان بەبۆنەکەی دەربڕی.

شایەنی وتنە جنیڤەر لۆف نازناوی خراپترین ئەکتەری ئافرەتی بەدەستهێنا لەماوەی ٢٥ساڵی ڕابردوودا بەگوێرەی ماڵپەڕێکی گاڵتەئامێزی ئەمریکی کە تایبەتە بەهەڵسەنگاندنی فیلمە سینەماییەکان.



# زوو بێزار دەبن

فیلمی ساڵدا دەردەکەوێت، سەبارەت بەوە کە بەئافرەتێکی یاخی و سەرنجڕاکێش ناسراوە میگان دەڵێ: تا ڕاددەیەك ئەمە لای من سەیرە، چونکە من زۆر ناچمە دەرەوە، کاتێك بەئافرەتێکی یاخیم وەسف دەکەن تووشی شۆك دەبم، چونکە بەپێچەوانەوە من حەز لەخوێندنەوە و مانەوە لەماڵ دەکەم و هەستیش دەکەم تا ڕاددەیەکی زۆر خەڵك لەبینینی من زوو بێزار دەبن.

# یەک ڕۆژی ئەلیسا بەپێنج دەفتەر



بەهۆی داواکردنی بڕی ٥٠ هەزار دۆلار بۆ سازکردنی ئاهەنگێکی تایبەت، کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا، دووچاری ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە لەلایەن جەزائیریەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش چەندچالاکوانێکی جەزائیری لەسەر تۆڕی فەیسبوك هەڵمەتێکیان دژی ئەلیسا دەست پێکردووە بۆ بایکۆت کردنی ئاهەنگەکە، هەروەها ژمارەیەکیان تووڕەبوونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بانگهێشتکردنی ئەلیسا لەجەزائیر و پێدانی ئەم بڕە زۆرەی پارە لەکاتێکدا بەملیۆنەها جەزائیری بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، لەو هەڵمەتەدا کە لەسەر فەیسبوك و تویتەر بڵاوکرایەوە ئەلیسا و چەندین هونەرمەندی دیکەیان بە(هونەرمەندانی خۆ ڕووتکردنەوە) وەسف کردوون، هەروەها هەندێك کەسی دیکەی ڕایانگەیاند کە بایکۆتی ئاهەنگەکە دەکەن و ئەگەر نەیانتوانی بایکۆتی ئاهەنگەکەی بکەن، بەنیازن بەهێلکە و پەتاتە هێرش بکەنە سەر ئەلیسا.

### مەهدی حەسەن:

# نەک تەنیا گرفتی ئافرەت بەڵکو گرفتی ئەکتەری کوڕیشمان هەیە

■ بەر لەماوەیەك شانۆكار مەهدی حەسەن شانۆگەری (براكوژی ) پێشكەش كرد و بەنیازە لەدهۆكیش نمایشی بكات، لەسەروبەندی نمایشە شانۆییەكەدا سەبارەت بە ڕەوشی شانۆی كوردی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز كرد.■



*** زۆر باس لەگرفتی ئەکتەر دەکرێت لەشانۆی کوردی، چۆن ئەمە لێك دەدەیتەوە؟**

- یەکێك لەو خاڵانەی کە دەرهێنەر بەجددی بیری لێدەکاتەوە لەپرۆسەی دەرهێنان بریتییە لەدۆزینەوەی ئەکتەر، چونکە کە دەست بەم پرۆسەیە دەکەی یەکسەر بەدەرهێنەرەوە دەچی بۆ ئەکتەر و ئەم کێشەیە لەهەموو جیهان هەیە، بەڵام لەنێو ئێمەی کورددا هەر زۆر زۆرە، چونکە دۆزینەوەی ئەکتەر زۆر زۆر زەحمەتە، زۆرجار دەڵێن قەیرانی ئەکتەری ئافرەت هەیە، بەڵام قەیرانی ئەکتەری کوڕیش هەیە، من لە شانۆگەری (براکوژی) کارم لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی هونەرە جوانەکاندا کرد، لەکاتی پرۆڤەکاندا ڕۆژانە گفتوگۆمان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکرد بۆئەوەی هەم پرۆڤە بکەین و هەم بیروڕا گۆڕینەوەیەك بێت لەچەشنی پۆل بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەنجام بدەین، مەبەستم لێرە ئەوە بوو بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەو زانیاریانەی لای من هەیە بیگوازمەوە بۆ سەر پرۆڤە بەشێوەیەکی زیندوو.

*** ئەی تەکنۆلۆژیا چ ڕۆڵێکی هەیە لەپێشخستن و دواخستنی شانۆی کوردی؟**

- بەدڵنیاییەوە، تەکنۆلۆژیا هەموو شتێك پێش دەخات، چونکە بەیەك کلیك دەتوانی چەندین زانیاری بەدەست بهێنی، بەڵام ئایا کورد تا چەند ئەم تەکنۆلۆژیایە بەکار دەهێنێت ئەوەیان گرنگە بەتایبەتی هونەرمەندانی شانۆ بۆئەوەی ئیزافەیەك بخاتە سەر زانیاریەکانی خۆی جا دەرهێنەر یان شانۆکار یان قوتابی بواری شانۆ بێت، لەلایەکی دیکەوە لەنێو هۆڵەکان تەکنۆلۆژیا لەڕووی ڕووناکی و دیکۆری شانۆ و ئەو تەکنیکانەی دەتەوێ لەڕووی شانۆ هەوڵ دەدەی جارێکی تر بیدۆزیەوە و کاری پێ بکەی، هۆڵەکانی ئێمە تازە بەتازە هەوڵی پاککردنەوەی دەدرێت بۆ نموونە هۆڵی گەل لەفیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی هەولێر کەمێك نۆژەنکرایەوە وەك ڕووناکی و هەندێك کورسی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پڕە لەتەکنیك و ئامێری شانۆیی نوێ.

*** ئەو فیستیڤاڵانەی ساڵی پار لەکوردستان ساز کران ئایا ئامانجی خۆیان پێکا یان تەنیا فیستیڤاڵ بوون لەپێناو فیستیڤاڵ؟**

- هەر فیستیڤاڵێك ئامانجێکی هەیە، ئەوەی زیاتر من پێی دڵخۆش بووم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بوو ئینجا فیستیڤاڵی سلێمانی، هەروەها فیستیڤاڵی سینەمایی دهۆك لەڕووی ئیدارەوە زۆر سەرکەوتوو بوو بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە کار کردن بۆ فیستیڤاڵ ئەوەیە کە ئامانجەکانی بهێنیتە دی و ئامانجی فیستیڤاڵەکان جیان ئەگەر لەیەك شوێنیش ئەنجام بدرێن، پێویستە ئەو ئامانجە بگەیەنرێتە ئەو بینەرە و شانۆکارانەی کە کوردن و بیانین و لەنێو هۆڵەکە دانیشتوون، چونکە فیستیڤاڵەکە بۆ کوردە و پێویستە شانۆکاری کورد تواناى خۆی بزانێت و هەر لەفیستیڤاڵیشە کە توانا و ئاستی هونەرمەندی کورد بەدەردەکەوێت، چونکە لەوانەیە شانۆکاری کورد زۆر بەتوانا بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هەمیشە دەیبینین درك بەتواناکانی نەکەین و نەتوانین پێوەر و ڕێچکەیەك بۆ کارەکانی دابنێین، بەڵام کاتێك بیانییەك دەیبینێت دەتوانێت پێوەر و ڕێچکەیەك بۆخۆی دابنێت، بۆیە سوودی یەکەمی فیستیڤاڵ بۆ شانۆکاری کوردە ئینجا بۆ بیانییەکانە بۆ ئەوەی هەست و خەیاڵی ئەوان بجوڵێنێت بۆ ئەوەی لەسەر کلتووری ئێمە کار بکات.

*** شانۆی کوردی زیاتر سەر بەچ بزاڤێکە؟**

- شتێك نییە بەناوی شانۆی کوردی، بەڵام دەکرێ شانۆ لەکوردستان باس بکرێت، شانۆ فکر و وزەی شانۆکارەکەیە، چونکە لەهەر شوێنێك دەیان شانۆکار هەن خۆ هەموویان بەیەك شێوە کار ناکەن، بۆ نموونە لەئەمریکا بەسەدان شانۆکاری ئەمریکی هەیە هەر یەکیان بەتێگەیشتن و هزری خۆی کاردەکات و لەهەمان کاتدا بۆیان هەیە بەناوی ئەمریکا کار بکەن، لۆلا ئالان شانۆکارێکی یۆنانییە دەڵێ کە باس لەشانۆی یۆنانی دەکرێ دەڵێ شانۆکاران بیر لەوە ناکەنەوە کە لۆلا ئالانێك هەیە کار دەکات ماندوو دەبێت یەکسەر بیر لەوە دەکەنەوە کە لەمێژووی یۆناندا هەیە وەك ئەسخیلۆس و سۆفیگرۆس و یۆبیدۆس و ٥٠٠ ساڵ پێش زایین کاریان کردووە بۆیە دەڵێم مافی ئێمە ئێستا خوراوە، جا ئەگەر شانۆی یۆنانی بەمانە ناسراوە ئەمە مێژووە، بەڵام ئەمڕۆ لەیۆنان لۆلا ئالانێك کار دەکات، منیش وەك مەهدی حەسەن مافی خۆمە کە بڵێم کار دەکەم، پێویستە ئەوانەی ڕەخنەگرن و دیراسەی شانۆ دەکەن ئەمەیان لەبەرچاوبێت، چونکە باڵێکی گرنگی شانۆ دیراسەت کردنی شانۆیە، دوای ئەمە پێویستە بیر لەدانانی تیۆرێکی شانۆیی بکرێتەوە.

*** باست لەڕەخنە کرد، ئایا ڕەخنەگر چ ڕۆڵێکی هەبووە لەو بارودۆخەی ئێستا شانۆی کوردی تێیکەوتووە؟**

- سەردەمێك لەسەردەمەکان چەند ڕەخنەگرێکمان هەبوو هەرچۆنێك بێت کاری خۆیان کردووە، بوونیان لەنەبوونیان باشتر بووە ئەگەر ڕەخنە و گفتوگۆکانیان لەئاستێکی بەرزی زانستیشدا نەبووبن، بەڵام زۆر باشتر بووە لەوەی کە ئێستا هیچ ڕەخنەگرێکمان نییە، بۆیە هەست دەکەی شانۆ وەستاوە وەکو گۆمێکی مەنگ کە ماوە ماوە بەردێکی تێدەهاوێی جوڵەیەکی دەبێ و دواتر دەوەستێت، لەشانۆی کوردیش ماوە ماوە کارێکی باش دەکرێت دواتر دەوەستێت، بۆیە پێویستە دوای هەر نمایشێك گفتوگۆیەك هەبێت لەسەر نمایشەکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی شرۆڤەی بۆ بکرێت، من لەکارەکانمدا بەگوێرەی توانا ئەوەم کردووە، زۆرجار گفتوگۆکانمان تۆمارکردووە، بەڵام بڵاونەکرایەوە، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕەخنانە دەبێتە هۆی ئەوەی بینەریش ئاگاداری شانۆی کوردی بێت ئەگەر ئامادەی نمایشەکەش نەبووبێت و ڕوونکردنەوەیەکیان دەبێت بۆئەوەی کە کارێکی دیکەی مەهدی حەسەنیان بینی بەبیریان بێتەوە و بۆ جاری دووەم پێوەی هیلاك بن، کەواتە بوونی ڕەخنە و ڕەخنەگر لەشانۆدا زۆر زۆر گرنگە بەداخەوە ئێمەی کورد نیمانە.

*** شانۆکارە گەنجەکان چۆن هاوکاری بکرێن؟**

- ئەمەیا کاری حکومەتە، قۆناغی یەکەم لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە لەوێ دەست بەخوێندن دەکەن، دوای دەرچوونیان دەکرێت بەمامۆستا و لەشانۆ دووردەخرێنەوە، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری شانۆکارە گەنجەکان لەخۆ بگرێت، هەروەها ئەگەر پرۆژەیان هەبوو پێویستە یارمەتیان بدات بۆ سەرخستنی پرۆژەکانیان .

*** ئایا نەبوونی دەق تا چەند گرفتە بۆ شانۆی کوردی؟**

- بێگومان ئەو گرفتە بوونی هەیە، بەڵام ئەو گرفتە زۆر قورس نییە، بۆ نموونە من دەقێکی نیکۆس کازانتسکی یۆنانیم کردووە بەکوردی، پێویستە دەرهێنەری کورد بزانێت چۆن ئەم جۆرە دەقانە بەشێوەیەکی کوردی داڕێژێتەوە، بۆیە پێویستە شانۆکارە کوردەکان دەقە بیانییەکان بەوردی بخوێننەوە بۆئەوەی لەخزمەتی شانۆی کوردیدا بەکاری بهێنن.

